# یاوەر چ دەنگێکە

**عومەر ئەمین عومەر**
2004/10/13

**لە5ئۆکتۆبەردا لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی دا سەرۆکە نا شەرعیەکەی حکومەتەهەلنەبژێراوو داردەستەکەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی،(غازی عجیل یاوەر )ڕایگەیاند *<u>ئەوەی کە قبولی ناکەین باس بکرێ جیابوونەوەیە،وە بە هەموو هێزمان شەڕی دژدەکەین</u>*،<u>چونکە ئەمە *خیانەتە وە ڕایگەیاند کە ئێمە کوشتاری ئەوانە دەکەین کە جیابوونەوەیان دەوێت.!!*</u>**

**سەرەتا ئەوە بلێم کە ئەم ڕاگەیاندنە قسە زۆر هەلدەگرێ، نەک تەنها دووان و باس کردن لە سەر ئەوەی ئەم قسانە لە بەرامبەر خەلکی کووردستان دا کراوە یان نا ،کە بێ شک لە بەرامبەر خەلکی ئازادی خوازو داوا کاری ریفراندۆم و جیابوونەدا کراوەلەکورستاندا.بەلآم من دەمەوێ ئەوە بلێم  ئەسلی مەسەلەکە پێش هەر شتێ ئەوەیە، کە ئایە ئەم (دیموکراسی خوازە)!!لە دەزگای فیکری وبیرو هۆشی ئەودا جێگەیەک هەیە بۆ ئازادی بۆ مانای ئینسان وخواستەکانی بۆ ژیان کردن بۆ دەنگی جیاواز لە دەنگە شۆڤێنیستەکەی خۆیوو هەوالەکانی؟بۆ ئەو جۆرە مۆدێلەی دیموکراسیە کە ئێستا هەراو زەنای دنییای بۆ دەکەن لەشێر لولە تۆپەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان؟؟کە سێک ئەو ە دەچێت بە مێشکیدا پیی بووترێ ئەم (یاوەرە) و (حکومەتە ێیفلیجەکەی علاوی )دەتوانێ زەرەیەک باشی لێ چاوەروانی بکرێ لەبەرامبەر ژیان و گوزەرانی و ماف و ئازادیە کانی گشت خەلکی عێراق جارێ نەک تەنها کوردوستان .؟!**

**بەبێ شک وەلآمەکەی نەخێرە ،نەخێرە بۆ ئەو جەماوەرە فراوانە ئازادی خوازەی کە خەونەکانیان بەدی هێنانی مافەکانیانە،ئەو مافەی کە ڕێگەی ئەوە تێیدا کراوەیە،کەئازادانە ئەتوانن بەبێ هیچ هەڕەشەو لەخوێن هەلکێشانێکیان بەشێوەیەکی مەدەنیانە،ڕاوبۆچۆنی خۆیان بەیان دەکەن لە سەر هەموو ئەو مەسەلە گرنگ و چارە نوس سازانەوەی کە ژیانیان بەرەو پێش دەبات.**

**یاوەر ناتوانێ لەو بیرە ناسیونال شۆڤێنیزمە عەرەبیە دەربچێت،کە حیزبی بەعسی ڤاشی نوێنەرو بەڕێوەبەری پەیامەدڕندانەکەی بوو لەسەر گشت خەلکی عێراق وە بەتایبەت خەلکی کوردستان.**

**ئەم جۆرە ڕاگەیاندنەلەبەرامبەر جەماوەری فراوانی خەلکی کوردوستانی خوازیاربە ریفراندۆم ومافی جیابوونەوەو پێک هێنانی دەولەتی سەربەخۆ،ناتوانرێ هیچ مانایەکی تری هەبێ بێ لە هەڕەشەی ڤاشیزمیک کەکەلبەکانی لیکی لێ دەچۆڕی بۆ جەستەی خەلکێک کە دەیانەوێ چۆنێتی ژیانکردن و لەگەل کێ ژیانکردن بۆ خۆیان بە ئازادانە هەلبژێرن.**

**بە درێژایی مێژوی لە سەرکاربوونی حکومەتە شۆڤێنیستە یەک لەدووای یەکەکانی عێراق،ئەوەی پیشان داوە کە هەموو دەورەکانی دەسەلآت بەشێوەیەکی گشتی تەنهاو تەنها مەرگەسات و ڕۆژ ڕەشی بووە بۆ خەلکی کوردستان.**

**هیچ یەک لەم حکومەتانە نەیان توانیوە ببنە ئەلگۆیەکی کاراوگونجاو بۆ تێگەیشتن و سازدانی کۆمەلگا بەو ئاڕاستەیەی کە بتوانری بنەماکانی ژیانێکی مەدەنی وهاوچەرخ دوور لە بەکار هێنانی هەستی نەتەوە چێتی ودوواکەوت وە نەهێشتنی تەفرەقەوو جیاوازی دانان لەنێوان گشت دانیشتوانی عێراقدا. کە ئەمە بۆخۆی دەیتوانی هێندەکار ساز بێ کەبەر بەهەر جۆرە توندوو تیژی وشەڕو کوشتارێ بگرێ کەلەنێوان خەلکی کورد زمان وە عەرەب زمان ڕوونەدات و زەمانەت بکات.**

**دەسەسەلآتە دڕندەو ڤاشیزمەکان بوونەتە هۆکارو سەبەبی ئەسلی ئەم کێشەیەن،چونکە بەرژەوەندی و قازانج وسودی ئەوان لە تەفرەقەو ڕاگرتنی بەناو کورد بوون وعەرەب بوونی خەلکی عێراقە لەبەرامبەر یەکترو بیر نەکردنەوەیان لەوەی بە یەکدەستی وەک هێزێکی جەماوەری پانوو بەرین بۆ فەوتان و سەرگون کردنی دەسەلآتەکانیان،وە لە لایەکی ترەوە هەبوونی بزوتنەوەی کوردایەتی بەدرێژایی ئەو مێژوە کە لە چەندین حیزبی جۆراوو جۆردا خۆی بینیوەتەوە،بە هەمان شێوە دەستیان هەبوە لە زیاتر مانەوەو درێژە کێشانی ئەم ڕەوەندە ڕەش ومەینەت بارە ،هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ خوودی ئاسۆو ئامانجێک کەئەم**

حیزبانەی بزووتنەوە کوردایەتی گرتوویانەتەبەرو کاریان لەسەر کردووە،کە هەرگیز گوێ یان بە خەلک نەداوەو بەپێی بە رژەوەندی حیزبی وشەخسی خۆیان چەرخاون،چی بۆ خۆیان قازانج وباش بووە ئەوەیان هەلبژاردوە،کە لە باشترین حالدا لەگەل ئەو رژێمە کۆنەپەرستو ڤاشیستانە (ئۆتۆنۆمی) لە خراپ ترین حالدا ڕازیبوون لە سەر مانەوەی دانیشتنی بەردەوامی برایانە لەنێوانیاندا،کە ئەمەئیتر بە درێژایی مێژوو ئەوپەری ئیهانەو سوکایەتی بوە کە بە خەلکی کوردستان و کێشە ڕەواکەی کراوە ،وە لەم مەیدانەشدا کەم نەبوون ئەوانەی ناویان لە لیستی پیاوانی سەر بە رژێمداهەبوو وە ڕابەرانی ئەو حیزبانە بوون.

ئەمرۆ دەبێ هەموو لایەک درکی ئەوەی هەبێ کە ئەم کێشەیە رێگە چارەیەک زیاتر رێگەی تری نیە،ڕێگاکانی ترهەمووی تاقیکردنەوەی خۆیان کرد،هەمووی بە قیمەتی کارەساتی زۆر گەوورە تەواو بوون،وە ئێمەو ملیونەها ئینسانی وەک ئێمەشی تەزان وتووشی لێکدانەوەی وەهای کردوین کە زە حمەتە بە ئاسانی یەخەمان بەردات،بۆیە دەبێ دەنگمان نە پسێ ئێمە ڕێگەیەکمان هەلبژاردوە وەفا داری زۆر گەورەی نەوەیەکی نوێی لەسەرشانی هەر ئنسانێکی ئازادیخوازو شەرافەتمەند داناوە ،ئەویش ڕێگە نەدانی سەرلەنوێ بۆ لەخوێن هەلکێشانی خەلکی کوردستان بە دەستی ڤاشیزمی حکومەت ودەسەلاتەکەی (یاوەر)وپشی پشی و ماستاو سارد کرنەوەی سەرانی حیزبەکانی کوردایەتی،بۆ یاوەر و حکومەتێ کە کوشتاری بۆ خەلکی کوردستان دانەوە لە بەرامبەر داواکردنی مافی ڕاوای خۆی بۆ دەنگ دانوو جیابوونەوە.

ئیتر دەبێ بپرسین لە خۆمان کە ئایە داوا کردنی ڕیفراندۆم و جیابوونەوە دەکرێ لە سەری کوشتار بکرێین؟؟!!دەکرێ ئێمە تا ماوین هەر ژێر دەستەو پلە دوو بین؟؟!دەکرێ ئێمە جارێکی تر فریووبدرێین لەلایەن حیزبەکانی کوردایەتیەوە بەرەو ئەو مەرگە سات وکوشتارە بەکۆمەلەی وا براگەورەڤاشیستەکانی ئەو حیزبانە لە کۆشکەکانیان لە بغداد خۆیان ساز دەکەن بۆ کوشتارمان؟؟!!دەکرێ تاکەی لە یەکپارچەیی خاکی عێراقدابرین لەچەستەماندا درووست بکەنوو یەک پارچەیی خاکی عێراقیش بکەن بە دەوا بۆی.

ڕاستی ئەوەیەکە ئیتر قسە کردن لە سەر پێکەوە ژیان لەگەل ئاوا دەسەلاتێکی هاوردەی دەستی ئەمریکا،بێ مانایە و پوچە،ئەوەی بەیانی خۆی کرد ئەوە ئەو فریادرەسە بوو کە زۆر کەس و لایەن هیوای پێوە گرێدابوو،ئەوە ڕاستی ناوەڕۆکی حکومەت و دەسەلاتی ئایندەیە بۆ خەلکی کوردووستان و داوا سەرە تاییەکانیان.

بۆیە دەبێ لەدەوری خواستی ریفراندۆم و جیابوونەوەی کوردووستان خێراتر لە ڕابوردوو کۆببینەوەو سەنگەری (*کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان)*بگرین و بەهێزی بکەین و لە دەووری کۆببینەوەو شیعارو خواستەکانی چالاکانە هەلسوڕێین بۆی. وەلەم خەباتەشماندا هەرخۆمان نین حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ودەیان سەدان کۆمەلەو ڕێکخراوو نیهادی ئنسانی و مەدەنی جۆراو جۆر لەگەلمانن. مێژوو سەلماندی کە ئەوە تەنها ئیرادەو ڕیزی بەرینی خۆمانە کە دەتوانێ زەمینەیەکی گونجاو بێ بۆ هێنانە دی مافە ڕەواکانمان. دەبی فشاری زۆر گەورە بهێنین بۆ حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی(یەکێتی وە پارتی) کە دەست هەلگرن لە پێشێل کردنی مافە ڕەواکانمان وبە دەنگی بەرز پێیان بلێین چیتر ڕێگە نادەین یاری بە چارە نوسی خۆمان و نەوەکانی ئایندەمان بکەن ،بە دەنگی بەرزی کەمەر شکێن پێیان بلێین ڕێگای ئینسانی و شەرافەتمەندی ئێرەیە،بەرەی دەنگی ڕەوای خەلکی کوردووستانە بۆ جیابوونەوە و دەولاتی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە دینی کە تێیدا ئینسان و مافەکانی ئەساسی و پایەییە،ئەو ڕێگەیەی ئێوە دەتانەوێ ئێمە ڕێبواری بین ،ئەو ڕێگەیەیە کە هێشتا دەیان رێکخراو نەیان توانیوە لە مینە چێنراوەکان پاکی بکەنەوە ،ئەو ڕێگەیە گۆڕستانی هەلەبجە فراوانتر دەکات بە جستەی هەزاران بێتاوانی تر،ئەوڕێگەیەیە کە ناهێلێ ساتێک ئارامی دامان بگرێ، بۆیە وەرن مل بدەن بەم خواستە ..

omaraka@online.no